www.kurdistannet.org
14-6-2007 19:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وێنەی ڤیدیۆیی دانان پیانانی بەناز ئەو کچەی بە دەستی باوکی کوژرا ... ئازاد ئەحمەد رەسول

Aza_hewlery@yahoo. com

دوای رزگاربوونی لە یەکەمین هەوڵی کوشتنی لەلایەن باوك و مامیەوە، بەناز لە دانپیانێکدا کە بە مۆبایل وێنەی گیراوە لە نەخۆشخانە باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە ڕوبەڕەووی دەبێتەوە بەتایبەتی لە لایەن باوك و مامیەوە.



کچێکی کورد بە ناوی بەناز لە بەریتانیا بە دەستی باوکی دەکوژرێت بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کورێکدا، بەناز چەندین جار پۆلیسی بەریتانی ئاگادار کردۆتەوە لەسەر هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی بەڵام پۆلیسی ئەو وولاتە پشتگوێی خستووە.

ساڵی 2005 دا دوای ئەوەی بەناز لە یەکەم هەوڵی کوشتندا رزگاری دەبێت و لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە خۆی فرەێ دەداتە خوارەوەو بریندار دەبێت و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت لە دانپیانێکدا لە نەخۆشخانە کە بە مۆبایل وێنەی گیراوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەلایەن باوك و مامیەوە هەوڵی کوشتنی دراوە. هەر لەو وێنە ڤیدیۆیەدا باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە ڕوبەڕووی دەبێتەوە بەتایبەتی لە لایەن باوك و مامیەوە، هەروەها لەنامەیەکدا دەنوسێت لەترسی ژیانی خۆمدا لەپەنجەرەوە خۆم فرێداوە بەخوارەوە.

تێبینی:
ئەمەی خوارەوە لینکی ڤیدیۆیەکە:
http://www. liveleak. com/view?i=669_1181605081
بۆئەوەی هەریەکسەر ڤیدیۆیەکە لە ناو مەوقیعی خۆتان دابنێن بۆ ئەوەی خوینەر بە یەك کلیك هەر لە مەوقیعی خۆتانەوە ڤیدیۆیەکە ببینێت ئەم کۆدەی خوارەوە لە بەشی (html) ی ماڵپەرەکەتان دابنێن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.